ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/340449268

# ڤایرۆسی کۆرۆنا وهە ناسەدانێکی ژینگە – Coronavirus and an Environment Respiration

**Technical Report** · April 2020

CITATIONS
0

READS
636

**1 author:**

Shuokr Qarani Aziz
Salahaddin University - Erbil

**108** PUBLICATIONS **1,455** CITATIONS

SEE PROFILE

**Some of the authors of this publication are also working on these related projects:**

Project Hazardous waste management in Erbil City View project

Project Soil and Municipal Solid Waste Leachate Characterization at Erbil Anaerobic Landfill Site View project

All content following this page was uploaded by Shuokr Qarani Aziz on 13 April 2020.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# فایرۆسی کۆرۆنا و هه ناسه دانێکی ژینگه

## Coronavirus and an Environment Respiration

لە نووسینی: پرۆفیسۆر د. شوکر قه ره نی عەزیز - Prof. Dr. Shuokr Qarani Aziz

دکتۆرا لە ئەندازیاری ژینگە - PhD in Environmental Engineering

shoker71@yahoo.com; shuokr.aziz@su.edu.krd

ڕێکەوتی 5-4-2020 کە بەرامبەری 23 یە مین ڕۆژی قه دەغه ی هاتوچۆ

## سەرەتا -Introduction:

چالاکیه جۆراو جۆرەکانی ڕۆژانه ی مرۆڤــ بۆ را پە ڕاندنی کاری ڕۆژانەی بە شێوەیەکی گشتی هه راسان کەر و پیس کەری ژینگه یه. ئەمه لە لایه ك ، و لەلا یەکی ترەوه ئەو هەموو پێش کەوتنی تە کنۆلۆژیا و زۆربوونی ژمارەی کارگەو ژمارەی ئۆتۆمبێل و موەلیدەی کارەبایی ...هتد ئەوانیش هەریه ك بە شێوازێك کاریان لە سه ر ژینگە کردووە. ئێمە دە زانین هه ربوونەوەرێك تەمەنێکی دیاری کراوی خۆی هەیە، وە هەر ئامێرێك تەمەن (بارگە یان شحن) ێکی دیاری کراوی هه یه و هه ر چەند زۆر بە کاربێت ئەوا تەمەن کورت دەبێت و یان دەتوانین بڵێین شحنی نامێنیت یان بە تاڵ دەبێت. مەسەلەی شحن یان پڕکردنەوە لۆ ڕۆژگاری ئەوڕۆمان ڕاستیەکی بە رچاوه لە بە رئەوەی ڕۆژانه یان چەند ڕۆژ جارێك یان بابڵێین چەند هەفتە\مانگ\ساڵ جارێك دەبێت شحنیان بکەینەوە یان پڕیان بکەینەوە. ئنجا بابڵێین ئاوڕێك لە ژینگە ماندوو کراوه کەی خۆمان بدە ینەوە، کە ماندوو کراوه بە لە ناو بردنی سەوزایی و ڕامالێنی ڕووەکەی، زۆر بوونی زبڵ و پاشماوه ی ژەهراوی و شی نەکراوه وە کو پلاستیك و کانزاو شووشه، زۆری ڕێژەی گازه پسس کەرەکان وه کو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین ...هتد، زۆر بوونی دە نگە دە نگ و ژاوه ژاو، پیس بوونی سەر چاوه کانی ئاوی سه ر زەوی و ژێر زەوی، پیس بوون بە ڕۆناکی دەست کرد و تیشك دەر وگۆڕانی کە ش و هەوا ...هتد. ڕاستە و هەموو جارێك گوتومانەوه ئێستاش دەیڵێینەوه کە ناکرێت پیس بوونی ژینگه لە گشت لایەك بن بڕ


**بکرێت و بکرێته سفر (له بەر ئەوەی ناکرێت چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤـــــ بە تەواوی ڕابگیرێت)، به لَکو دەکرێت کەم بکرێتەوە بۆ کەمترین ئاستی گونجاو.**

**لێره و ئەوەی مه بەستمه تێك هەلَکێشێك بکەم له نێوان پەتای کۆرۆنا** (Coronavirus Pandemic) **و لێکەوەتەی له سه ر ژینگه ی هه رێمی کوردستان و دونیا.**

## فایرۆسی کۆرۆنا-Coronavirus:


**پەتای فایرۆسی کۆرۆنا** 2019-2020 (2019-2020 Coronavirus Pandemic) **که له سەرەتا به** (Severe Acute Respiratory Syndrome Coronavirus 2 (SARS-CoV-2)) **ناسرابوو دوایی ناوه کەی بووه** (COVID-19)**، له سەره تا له کانوونی یه کەمی** 2019 **له شاری ووهانی وولآتی چین به دیار کەوت و دوایی زۆر به خێرایی و به شێوەیەی لۆگاریتمی بلآو بۆوه، وێنه ی ژماره** 1 **. به گوێرەی ئاماری ئەورۆ که ئەو بابه ته ی تێدا نووسراوه له** 5**ی نیسانی** 2020 **تا کاتژمێر** 12 **ی نیوەڕۆ، ئه و پەتایه له** 200 **وولآتی دونیا بلآوبویتەوه،** 1 **ملیۆن** 200 **هه زار کەس هەلَگری ئەو ڤایرۆسەن،** 64700 **کەس به هۆی ئەو پەتایه گیانیان له دەست دایەوه زیاتر له** 247000 **کەس چاك بوونەتەوه، وێنەی ژماره** 2 (https://www.worldometers.info/coronavirus/#countries).

**ئەوانەی له سەرەوه باس کران دەربارەی جیهان ئامارێکی سه رنج ڕاکێش و ناخۆشن. له لایه کی ترەوه سه بارەت به هەرێمی کوردستان-عێراق، خۆش به ختانەو سوپاس بۆ خودای به خشندەوه میهرەبان وه سوپاس بۆ خه مخۆران و لایه نه پەیوەندەی دارەکان له حکوومەتی هه رێمی کوردستان وه سوپاس بۆ هۆشیاری و خۆڕاگری خەلَکی هه رێمی کوردستان که تاکو ئێستا (ڕۆژی** 5-4-2020**) ژماره ی تووش بووان بەو ڤایرۆسه گه یشتۆته**233 **کەس و ژمارەی چاك بووان له و پەتایه** 85 **که سه و** 3 **کەسیش گیانیان له ده ست داوه (وەزارەتی تەندرووستی-حکوومەتی هەرێمی کوردستان).**




**وێنەی ژمارە 1 : ژمارەی تووش بووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تا 5-4-2020**

(https://www.worldometers.info/coronavirus/#countries)




**وێنەی ژمارە 2 : ژمارەی مردووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تا 5-4-2020**

(https://www.worldometers.info/coronavirus/#countries)

ئەوانەی سه رەوە گشتیان ئامارو ژمارەی ناخۆشن دەربارە ی بلاۆبوونەوە و تووش بوون و گیان لە دە ست دانی مرۆڤە کان، بە لام ئە و ڤایرۆسە وای کردووە کە شێوازی ژیان، خوێندن ، دەوام، بازاڕ، گە شت کردن، سە یران، بازرگانی کردن، پیشەسازی، هاتو چۆ ...هتد بە ناچاری بگۆردریت کە دەرئە نجامی لە سە ر ژینگەش هە بووە، لە خوارەوە شیکردنەوەیه ك بۆ ژینگەی هە رێمە کەمان دە کە ین لە دە رئە نجامی ڤایرۆس کۆرۆنا.

## کاری گەری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سە ر ژینگە-Effect of Coronavirus on the Environment:

کە باس لە کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا دە کە ین لە سەر ژینگە ئەوا چەند لایە نێك دەگرێتەوە، وەکو لە خوارەوە ئاماژە یان پیٚ کراوە (Davis and Cornwell, 2013):

### *زبلٚ و پاشماوە -Solid Waste*

بە شێوەیە کی گشتی بڕی زبلٚ و پاشماوە کەمی کردووە.، دەتوانین بلێین تا رادە یە ك لە مالٚ زیادی کرووەو لە فە رمانگەو بازاڕە کان و سە یرانگاکان کە می کردووە.

### *ژاوە ژاو-Noise*

بە شێوەیە کی گشتی ژاوە ژاو کەمی کردووە لە شە قام و دەورو بە ر و لە سە یرانگاکان.

### *سەوزایی-Green Area*

بە شێوەیەکی گشتی رووبە ر ی سەوزایی گەشایتەوە و زیادی کردووە بە تایبەتی لە سەیرانگاکان و دەشت ودەر دا، وێنە ی ژمارە 3.



وێنەی ژماره 3: سەوزرایی لە کاتی قەدەغە ی هاتو چۆ، بەرامبەر کۆلیژی تەکنینکی هەولێر لە 2-4-2020.

## Air- هه وا

پیس بوونی هەوا بە رادەیە کی زۆر کە م بووە بە گازە پیس کەرەکان و دەنکۆڵەکان لە کاتی قەدە غەی هاتوچۆ دا. بێ گومان کە م بوونەوەی هاتو وچۆی ئۆ تۆمبێل و راوەستانی کارگەکان وکەم بوونەوەی گەشت و سە یران ...هتد هۆکارن بۆ کەم بوونە وەی رێژەی پیس کەرەکانی هەوا، وێنەی ژمارە 4.

## Water Resources- سه رچاوه ئاوييه كان

به هۆی کە م بوونەوەی جووڵە و چالاکیە کانی مرۆڤــــ و نەمانی گە شت و سەیران و راوەستانی کارگەکانی چەو و لم لە نزیك رووبارە کان، ئەوا بێ گومان سەرچاوە ئاوییەکان وبە تایبەتی سە رچاوە ئاوییە سە رزەوییە کان کەمتر پیس دە بن.



**وێنەی ژمارە : قەدەغە ی هاتو چۆلە هەولێر، ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکووك لە 5-4-2020**

## *Soil-خاك*

**دیسان کەم بوونەوەی جووڵەو چالاکی ڕۆژانەی مرۆڤـــــ و دەرنە چوونی بۆ گە شت و سە یران و دەوروبە ر، هۆکارن بۆ پیس نە بوونی خاك.**

## *Traffic-هاتوو چۆ*

**کە مبوونەوە و قە دە غە ی هاتوچۆ بە ئۆتۆمۆبیل و ماتۆرسکیل و هۆکارەکانی تری گواستنەوە وای کردووە خەڵك لە کاتی پێویست بە پیادە یان بە پایسکیل بڕوات کە ئەمە ش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی کە مبوونەوەی ژاوە ژاوو و پیس بوونی هەوا.**

## *Light-* ڕووناکی

داخستنی بازاڕو شوێنه بازرگانیه کان و کارگەو پیشه سازیه کان و نەمانی دەوام و گه شت وسەیرانەکان بۆته هۆی کەم بوونی پیس بوون به ڕووناکی، بەڵام زیاتر مانەوەی خەڵك له ماڵه کان ڕێژەی پیس بوون به ڕووناکی له ماڵەکان تاڕادەیك له پێشان زیاتر بووه.

## *Birds and Animals-* باڵندەو گیانەوەرەکان

نەمانی هاتوچۆی خه ڵك و سه یران و گه شت، و ه زیاتر مانەوەی خەڵك وادەکات که باڵندەو گیانەوەرەکان زیاتر به ئازادی بفڕن و بگه ڕێن له ژینگەی سروشتی دا. به لام لەوانەیه تووشی کەمی یان نه بوونی خۆراك ببنەوه.

## دە رئه نجام-Conclusions:

له ئه نجامی ئەو شی کردنەوەی سەرەوە بۆ پێکهاتەکانی ژینگه، دەتوانین بلێین که سەرەڕای دەردوو بەلا ی پەتای کۆرۆنا بۆ مرۆڤایەتی به شێوەیەکی گشتی و قەدەغەی هاتو وچۆ و نەمانی دەوام و بازاڕ و کارگەو گه شت و سه یران ...هتد و زەرەری لایه نی ئابووری، دەتوانین ئەوه بخەینه ڕوو که به شێوەیەکی گشتی لۆ ژینگه سوود به خش بووه و بۆته هه ناسه دانێك بۆ ژینگه ماندوو کراوەکه ی پێشان.

## کۆتا-Final:

داواکارین له خودای گەوره ئه و په تاو ده ردوو به لایه له سه ر شارو هەرێمەکەمان و وولاتەکەمان و گشت وولاتان و مرۆڤایه تی هه ڵبگرێت، و داوا کارین له دانیشتوانی شاره که مان و هه رێمه که مان دان به خۆیان دابگرن و ڕێنماییه کان جێ به جێ بکه ن و پشت و پەنا به خوا سه رکەوتوو دەبین. وه سوپاسی گشت ئه و لایه نه به پرسانه ی حکوومه تی هه رێم ده کەین که زۆر خۆڕاگر بوونەوه و ماندووبوونه و دڵسوزانه کاره کانیان ئه نجام داوه، سوسپاسیان ده کەین و هیوای ساغ و سه لامه تیان لۆده خوازین.

## سەرچاوەکان-References:

راگەیندراوی وەزارەتی تەندرووستی-حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 5-4-2020.

https://www.worldometers.info/coronavirus/#countries [Accessed on 5 April 2020].

Davis, M. L., and Cornwell, D. A. (2013). Introduction to Environmental Engineering. Fifth Edition, International Edition, McGaw.Hill Companies.



View publication stats